هیچ ئاهەنگێك بەبۆنەی سەری ساڵی نوێ لەلایەن ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بەڕێوە ناچێت



سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بڕیاری دا هیچ ئاهەنگێك بەبۆنەی سەری ساڵی نوێ لەلایەن ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بەڕێوە نەچێت بەهۆی رووداوی ئاگرکەوتنەوەکەی چەند رۆژی رابردووی سۆران کە ژمارەیەك قوربانی و بریندارێی لێ کەوتەوە.

هاوگورد شێخ نەجیب سەرپەرشتیاری ئیدارەی سۆران رایگەیاند: بە ڕۆزگرتن لە قوربانییانی ڕووداوی ئاگرکەوتنەوەکەی ڕۆژی 8/12ی باڵەخانەیەکی نیشتەجێبوون لە سۆران، بریاردرا هیچ ئاهەنگ و بۆنەیەکی سەری ساڵ لە ئیدارەی سۆران بڕیوبنچێت.

هاشیگەیاند: بەڕێوەنەچوونی ئاهەنگ و بۆنەکانی سەری ساڵ وەك هاوخەمییەك دەبێت لەگەڵ کەسوکاری قوربانییەکان و ڕۆزگرتن لە گیانی پاکی قوربانییان.

ڕۆژی 8/12ی ڕابردوو لە ئەنجامی کوتنەوەی ئاگر لە باڵەخانەیەکی نیشتەجێبوون لە سۆران، 14 هاووڵاتی بوونە قوربانی و ژمارەیەکیش بریندار بوون.